حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی کۆمەڵناسی/دبلۆم- کۆرسی دووەم

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

کۆمەڵناسی سیاسی

**Political Sociology**

# تێگەیشتن لە کۆمەڵناسی سیاسی
# (مارکس و ڤێبەر)

٢٠٢٣-٢٠٢٤

Dilshad Siamand

MSc University of Southampton/England

PHD  Salahaddin University/Hawler,

## ئامانجەکانی ئەم وانەیە بریتین لە

- ناساندن و تێگەیشتن لە کۆمەڵناسی
- تێگەیشتن لە سیاسەت، کۆمەڵناسی سیاسی
- ڕوانگەی مارکس لە بارەی سیاسەت، پارتی سیاسی، پەڕلەمان و دەولەتەوە
- ڕوانگەی ماکس ڤێبەر لە بارەی سیاسەت، دەسەلات و هێز و پەڕلەمان، پارتی سیاسی و دەولەت
- سەرچاوەکان

# کۆمەڵناسی چیە

- کۆمەلناسی زانستی گرنگی دانە بە خوێندنی گرووپ و کارلێکی نێوانیان، کۆمەلگەکان، دەزگاکانی کۆمەلایەتی\ کۆمەڵناسی گرنگی دەداتە دیراسەکردنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی گرووپ، لەوانە کۆمەلایەتی، سیاسی، ئایینی...هتد\ هەموو کۆمەلگە جیاوازەکانی جیهان لەژێر توێژینەوە کۆمەڵناسییەکاندان و کۆمەڵناسی لە هەموو جۆرە کۆمەلگەیەکی دیاریکراوە دەکۆلێتەوە چ کۆمەلگە سەرەتاییەکان تاکو دەگاتە ئەو کۆمەلگا مۆدێرنانەی دوای شۆرشی پیشەسازی دروستبوون لەوانە کۆمەلگە ئەورووپی و ڕۆژئاواییەکان\ کۆمەڵناسی لە هەموو دەزگاکانی کۆمەلایەتی دەکۆلێتەوە لەوانە خێزان، ئابووری، سیاسی، ئایینی، سەربازی، پەروەردە...هتد
- کۆمەڵناسی زانستی خوێندنی ئەو گرووپەیە لە خەلک کە لە شوێنێکی دیاریکراوی جوگرافی دەژین کە هەمان کولتووریان هەیە. هەموو ئەو کۆمەلگەیانەی کە دەولەتیشنین دەچنە چوارچێوەی خوێندنی کۆمەلناسی لەوانە هەرێمی کوردستان
- بەشێوەیەکی کورت و پوخت، کۆمەلناسی زانستی لێکۆلینەوەیە لە کۆمەڵگە. لە چوارچێوەی دەزگا کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگەیەک، کۆمەڵناسی لە دامەزراوەی سیاسی دەکۆلێتەوە لە سەرجەم کۆمەلگاکاندا
- کۆمەلگا بریتیە لە شوێنێکی جوگرافی کە کۆمەلێک لە خەلکی لێدەژین و کولتووریان هاوبەشە. ئەم شوێنە جوگرافیە زۆرجار دەولەتە بەلام مەرجیش نیە وەکو هەرێمی کوردستان.

# تێگەیشتن لە سیاسەت، بە گوێرەی فەرهەنگەکانی کۆمەڵناسی

- وشەی (Polity) لە زمانی یۆنانیدا بریتییە لە (Polis) واتە شار، لە ئێستادا بە واتای دامەزراوەی سیاسیی دێت (Bruce and Yearley, 2006: 70 ). لە ساڵی (٣٥٠) پێش زاین، (ئەرستۆ) وشەی سیاسەت (Politic)ی بەکارهێناوە کە لە وشەی (Politikos) وەرگرتووە بەمانای (Polis) دەوڵەتە-شار (City-State) هاتووە (Turner, 2006: 25).

- فەرهەنگی کۆمەڵناسی سەیج (Sage)، ئاماژەیداوە بە پێناسەکەی (ماکس ڤێبەر) بۆ سیاسەت (Politics)، کە بریتییە لە" تێکۆشان بۆ هاوبەشیپێکردنی هێز یاخود تێکۆشان بۆ فشارخستنەسەر دابەشکردنی هێز لە نێوان دەوڵەتان یان گرووپەکانی نێو یەک کۆمەڵگا "(Bruce and Yearley, 2006: 235)

- بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، سیاسەت واتە دابەشکردنی هێز (Power)لە نێوان ئەو گرووپانەی سیاسی کە بە دوای هەبوونی هێزەوەن \نموونەی ئەو گرووپە سیاسیانە هەموو ئەو پارتە سیاسی و هێزەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی مۆدێرنن کە لە پەرلەمان و حکومەتدا ڕۆل دەگێرن و خاوەن پێگە و هێزن لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کۆمەلگا

- لە فەرهەنگی کۆمەڵناسی (کامبرێج) دا، چەمکی سیاسەت ئاماژەیە بۆ "پرۆسەی ڕێکخستنی هێزی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکدا بۆ ئەوەی بە هاوسەنگی و بێ گرفت کۆمەڵگا بەردەوام بێت. ئەم فەرهەنگە وایداناوە کە، سیاسەت لە زۆربەی ئاستەکانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لە ئاستی بچوکەوە (Micro Level) وەکو سیاسەتی هاورێیەتی و خێزانی...هتد تاکو ئاستی گەورە (Macro Level) وەکو سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهانی (Turner, 2006: 85)

- بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، هەموو ئەو هێزانەی نێو کۆمەڵگەیەک بە گوێرەی یاسا ڕێکدەخرێن بە پێی هەژموون و قورساییان لە نێو کومەلگا بۆ ئەوەی کۆمەلگا بەڕێوەبچێت \لە نێو کۆمەلگە مرۆییەکاندا، لە دامەزراوە کۆمەلایەتیەکاندا سیاسەت لە مامەلە و ڕەفتاری تاکەکاندا هەیە.

# تێگەیشتن لە سیاسەت، بە گوێرەی فەرهەنگەکانی زانستی سیاسەتدا

- فەرهەنگەکانی زانستی سیاسەتدا، (The Palgrave Macmillan Dictionary of Political Thought) سیاسەت بریتییە لەو چالاکیەی یاخود کردەیەی کە، بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکدەخات، لە ڕێگەی پێدانی پێگە بەگوێرەی سەنگی هێزەکەیان ( Scruton,2007)
- بە گوێرەی ئەم فەرهەنگە، ئامانجە سەرەکیەکانی پارتی سیاسی بریتیە لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری، لە کۆمەلگە مۆدێرنەکانی دوای شۆرشی پیشەسازی، بەرژەوەندی پارتە سیاسیەکان خراوەتە چوارێوەیەکی یاسایی و فەرمی واتە هەریەکەیان بەشی خۆی لە بەرژەوەندیە مادی و سیاسیەکان بەدەکەوێت بە گوێرەی یاسا، هەموو ئەم پرۆسەیە بە گوێرەی ئەم فەرهەنگە واتە سیاسەت
- لە فەرهەنگی زانستی سیاسەتدا بەناوی (Dictionary of Politics and Government)، سیاسەت، بریتییە لەو تیۆر و کردارانەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ناوەوەی وڵاتێک، سیاسەتی نیشتیمانی، بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی خۆجێیی یان بەشێوەیەکی گشتی بەریوەبردنی وڵاتێک. لەپاڵ ئەمەشدا، ئەم فەرهەنگە پێی وایە سیاسەت هونەری ئەو شتانەیە کە دەشێ (Collin, 2004: 98).
- بە گوێرەی ئەم فەرهەنگە هەموو ئەو بیرۆکە و هزر و کردارانەی دامەزراوە یان دەولەت بەڕێوەدەبەن بریتیە لە سیاسەت. واتایەکی دیە هەموو ئەو شتانەی ڕێیان تێدەچێت دەبەسترێنەوە بە هونەری سیاسەتکردن.

# تێگەیشتن لە کۆمەڵناسی سیاسی

- کۆمەڵناسی سیاسی لقێکە لە زانستی کۆمەلناسی لە بارودۆخە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەت دەکۆلێتەوە، بەواتای ئەوەی چۆن سیاسەت گۆڕاوە یان دەگۆڕێت بەهۆی ڕووداوەکان لە کۆمەڵگادا.\ بە واتایەکی دیکە  خوێندنی پەیوەندی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگایە یاخود پەیوەندی دەزگا کۆمەلایەتییەکان ودامەزراوە سیاسییەکانە.
- کۆمەلناسی سیاسی گرنگی دەداتە هۆکار و ئەنجامە کۆمەلایەتیەکانی دابەشکردنی هێز لە کۆمەلگەدا، هەموو ئەو ململانێ سیاسی و کۆمەلایەتیانەی کە گۆرانکاری دروستدەکەن  و شیکردنەوەی پرۆسەی هێز لە ژیانی کۆمەلایەتی دەکات.
- کۆمەڵناسی سیاسی گرنگیدانە بە خوێندنی ململانێی و تێکۆشانی سیاسی لە نێوان دەولەتان بۆ نموونە کێشە و ململانێی نێوان دوو وولات لە چوارچێوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکان ناوەستێت، بەلکو مەسەلە نەتەوەییەکان، کولتووریەکان، ئایینیەکان تێکەل بە ململانێییەکان دەکرێن.
- کۆمەڵناسی سیاسی گرنگی دەداتە خوێندنی دەولەت بە تەواوی دامەزراوەکانیەوە، بە واتایەکی دیکە ئەم لقە زانستیە لە ڕۆل و سروشتی دەولەتێک دەکۆلێتەوە لە کۆمەلگایەکەدا.
- کۆمەڵناسی سیاسی دەکۆلێتەوە لە بەژداری تاک لە سیاسەتدا، یەکێک لەو پرۆسانەی کە خەلک ڕاستەوخۆ بەژداری سیاسەت دەکات بریتیە لە دەنگدان، ئەم لقە زانستیە لە چۆنیەتی هەبوونی متمانە و بڕوا و بەژداری خەلک لە دەنگداندا دەکۆلێتەوە. جیا لە دەنگدان، ئەم لقە لە بەژداری تاک لە گروپی سیاسی و سیاسەت بەگشتی دەکۆلێتەوە.
- یەکێک لەو بوارانەی دیکەی کۆمەڵناسی سیاسی لێی دەکۆلێتەوە سروشت و ڕێکخستنی جولانەوە و پارتی سیاسیە، هەریەکە لە سروشت و ڕۆل و کاریگەری و ڕەفتاری شۆرشەکان، جولانەوەکان و پارتە سیاسیەکان لە کۆمەلگەکاندا بابەتی لێکۆلینەوەی کۆمەڵناسی سیاسین.

# ڕوانگەی مارکس لەبارەی سیاسەت

- واتای سیاسەت :بە گوێرەی مارکس (1818–1883)، سیاسەت بریتیە لە دەستەواژەی ئەو تێکۆشانەی چینەکان؛ کە مێژوو بۆ خۆی دروستدەکات (Balibar and Browning, 2009)، تێکۆشانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتدا بریتییە لە تێکۆشانی سیاسی ( Robinson and Kelley, 1979). لەبەر ئەوەیە ئامانجیان چینەکان لە بنەڕەتدا گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی و ئابوورییە.
- پۆلێنکاری مارکس لە کۆمەلگایی مۆدێرندا: سێ چینی کۆمەلایەتی هەن کە بریتین لە سەرمایەدار، کرێکار و چینی ناوەند. مارکس پێیوایە، هەرچی چینی سەرمایەدارو کرێکارە، لە تێکۆشان و ململانێیەکی بەردەوامدان لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری. خەباتی چینی سەرمایەدار، لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ئابووری و زیاترکردنی سەرمایە لە ڕێگەی فراوانکردنی کارگە و بەکارهێنانی هێزی کار لە کارگەکانیاندا.
- تێکۆشانی چینی سەرمایەداری: لە دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو، لە پێناو کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەراگرتنی سیستەمی ئابووری لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا بوو (Giddens, 1971: 171). لەلایەکی دیکە دروستکردنی پارتی سیاسی بۆ دروستکردنی دەولەتی سەرمایەداری
- ململانێی سیاسی چینەکان لە کۆمەلگە پیشە سازیەکاندا: دابەشی سەر دوو کەمپی نەیاری یەکتری دەبن، دواتر دابەشی سەر دوو چینی کۆمەڵایەتی گەورە، کە ڕاستەوخۆ ململانێی یەکتر دەکەن، ئەمانیش چینی سەرمایەدارو کرێکارن " (Marx and Engels, cited in Lemer ,2008 )

# مارکس و پارتی سیاسیی

- پارتی سیاسی چینی سەرمایەدار :بە گوێرەی مارکس چینی سەرمایەدار، توانیان لەلایەک بازار، هێزی کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆنترۆڵ بکەن، لەلایەکی دیکە گروپ و پارتی سیاسی دروستبکەن دەسەلات بگرنە دەست بۆ ئەوەی بمێنەوە و بەردەوامبن لە زاڵبوونیان لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا. هەرچەندە، لەپاڵ هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی، (مارکس و ئەنگلێس) پێیانوابوو ”بەبێ دروستکردن و داهێنانی نوێتری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان سیستەمی سەرمایەداری نەدەبوو و نەیدەتوانی بەردەوام بێت“ (Marx and Engels, cited in Lemert, 2008).

- لەم دۆخەی کە سەرمایەداری دروستیکردووە، (مارکس) پێیوابوو چینی کرێکاران زەرەرمەندی سەرەکین، چونکە سەرمایەداران هێزی کرێکاران بەکاردەهێنن بۆ زیادکردنی سەرمایە و زاڵبوون بەسەر ئەم چینەدا لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا. بۆیە، (مارکس و ئەنگلێس) ئاماژەیان بەوەداوە کە، ”چینی کرێکار ئەو کاتە دەژین، کە کارێک دەدۆزنەوە، یان ئەو چینەن ئەو کات کاریان پێدەدرێت، کە کارەکەیان سەرمایەی سەرمایەداران زیاد بکات“ ( Marx and Engels, cited in Lemert, 2008: 37). جیا لەوەش، مارکس پێیوابوو، کرێکاران بۆ ماوەیەکی زۆر کاردەکەن بەرامبەر پێدانی کرێیەکی کەم و پشوویەکی کەم بە بەراُورد لەگەل سەرمایەداران. ئەنجامی هەموو ئەمان بەلای مارکسە دروستبوونی نامۆبوون و گۆشەگیری کرێکارانە لە کۆمەلگە پیشەسازیەکاندا.

- بۆیە بە گوێرەی مارکس تاکە ڕێگە بۆ دروستکردنی یەکسانی و گۆڕانکاری بریتییە لە بەشداری چینی کرێکاران لە سیاسەتدا.. لەم بارەیەوە (مارکس) وایداناوە چینی کرێکار ”لە تێکۆشانیدا دژی دەسەلاتی چینی سەرمایەدار، ناتوانێت وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی ڕەفتاربکات، تاکو پارتێکی سیاسی دانەمەزرێنێ“(Marx,1872)

# ڕوانگەی مارکس لە بارەی پەرلەمان و دەولەت

- مارکس پێیوابوو پەرلەمان بریتیەلە دامەزراوەیەکی گرنگی نوێنەرایەتیکردنی خەلک لە کۆمەلگەی مۆدێرندا و وەکو دەزگایەکی سیاسی ڕۆلێکی گرنگی لە ژیانی کۆمەلایەتیدا هەیە .
- مارکس پێیوابوو پارتە سیاسیەکان دەتوانن ڕۆلی خۆیان لە پەرلەماندا بگێرن و دەزگایەکی گرنگی ڕێخستنی هێزە لەنێوان پارتە سیاسیەکان.
- بۆیە مارکس پێیوابوو، دەرکەوتن ودروستبوونی پەرلەمان زیاتر خوستێکی پارتە سیاسیەکان بوو (Jessop, 2008: 91)
- بە گوێرەی مارکس چینی کرێکار دوای دروستکردنی پارتی سیاسی، دەتوانێت بەژداربێت لە دەنگدان و ببێتە خاوەنی کورسی لە پەرلەمان و یاساکان دووبارە بنووسنەوە .
- دەولەت لە ڕوانگەی مارکسەوە برتییە لە لیژنەیەکی جێبەجێکار یاخود ئامێرێکە بەدەستی چینی فەرمانڕەوا (Jessop, 2008: 83)،سەرمایەداران شۆرشیان کرد بۆ گۆڕینی ئامرازەکان بەرهەمهێنان و دروستکردنی دەولەتی سەرمایەداری .
- بەگوێرەی (مارکس)، سەرمایەداران "بەهۆی دەسەلاتی سیاسییانەوە دەتوانن لە مۆنۆپۆلی ئابووری و بە کۆیلەکردنی کرێکاران بەردەوام بن، بۆیە گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی ئەرکی چینی کرێکارە" (Marx,1872:5). بۆیە ئەو جەختی کردۆتەسەر ئەوەی، کە دامەزراندنی پارتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکار زۆر پێویستە (Marx, 1872: 5) ئەم پارتە سیاسیە دەتوانێت دەسەلات بگرێتە دەست
- دوای گرتنە دەستی دەسەلات و ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری لە دەولەتدا، ، مارکس پێیوابوو چینی کرێکار، لە چوارچێوەی سیستەمی سۆشیالیزم، ڕابەرایەتی هێزی سیاسی و ئابووری دەکات. بەم جۆرە دەولەتێکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی بێ چین و بێخاوەنداریەتی تایبەت و دادپەروەر دروستدەبێ.

# ڕوانگەی ماکس ڤێبەر لە بارەی سیاسەت،

- گرنگی سیاسەت لە سالی ١٩١٩ دا بۆ ڤێبەر بینرا کاتێک کە توێژینەوەکەی بە ناوی سیاسەت وەک پیشەیەک (Politics As A Vocation)، بلاوکردەوە.
- بە گوێرەی ماکس ڤێبەر هەبوونی سیاسەت پێویستە و گرنگیەکەی لەوەدایە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەولەت، یاسا دادەڕێژێت و کۆمەلگا ڕێکدەخات ( Ashcaft, 1972: 33). بەواتای ئەوەی سیاسەت ئامرازێکە بۆ ڕێخستنی کاروباری دەولەت. هەر بۆیە فەرهەنگی کۆمەڵناسی سەیج (Sage)، جەختیکردۆتە سەر پێناسەکەی (ماکس ڤێبەر)، کە پێیوایە سیاسەت (Politics) بریتییە لە تێکۆشان بۆ بەشێک لە هێز یاخود تێکۆشان بۆ بۆدروستکردنی فشار بۆ دابەشکردنی هێز لە نێوان دەوڵەتان یان گروپەکانی نێو یەک کۆمەڵگا ( Bruce and Yearley, 2006: 235
- ماکس ڤێبەر پێوابوو سیاسەت و ملمانێی چینەکان (سیاسی)، لە مێژوودا گرنگ بوون بەلام تەنها لە نێوان چینە کۆمەلایەتیەکاندا وەکو سەرمایەدار و کرێکاردا نیە بەلکو لە نێوان خەلکانی دیکەشدا هەن.

# ڕوانگەی ڤێبەر لە بارەی دەسەلات و هێز و پەڕلەمان

- لە ڕوانگەی ماکس ڤێبەرەوە سێ جۆر دەسەلات هەن کە بریتین لە یەکەم :دەسەلاتی نەریتی کە بە شێوەیەکی کۆنی کولتوری دامەزراوە و ڕێز لێگیراوە بۆ نموونە دەسەلاتی بۆماوەی کە دەگوازێتەوە لە نێوان ئەندامانی خانەدانی خێزانێک.دووەم :دەسەلاتی کاریزمی، لە دلسۆزی خەلک بۆ کەسێک دروستدەبێت بە هۆی سیفەتە کاسایەتیەکانی، سێیەم :دەسەلاتی عقلانی-یاسایی، کە بەشێوەی یاسای و شەرعی دروستدەبێت لە کۆمەلگە مۆدێرنەکاندا و جێگەی دەسەلاتی نەریتی دەگرێتەوە.
- لە توێژینەوەکانیدا لەبارەی پەڕلەمان و هەڵبژاردندا، (ڤێبەر) گرنگی بە شێواز و ڕێگەیەکی نوێی بەشداری سیاسی لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا داوە. ئەو پێیوایە مەبەست لە دامەزراندنی پەڕلەمان بۆ نوێنەرایەتی خەڵک و دانانی یاسا و دەستووره بۆ کۆمەڵگا ( Scaff, 1973: 131)
- پەڕلەمان و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، شوێنی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکن لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسی ولە ڕێگەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان. بە پیشە دانانی سیاسەت لە کۆمەڵگادا ڕێگە لە بەردەم نەتەوە، ئایین و ئایدۆلۆژیای جیاواز دەکاتەوە، کە بەشداری سیاسی بکەن لە کۆمەڵگادا و نوێنەرایەتی ئەو بەشەی کۆمەڵگا بکەن لە چوارچێوەی کاری پەڕلەمان و حکومەتدا.
- لە کۆمەلگە مۆدێرنەکاندا، ماکس ڤێبەر پێیوابوو سیاسەت و هێز پراکتیزە دەکرێت لەلایەن جەمسەرەکانی هێز، وا پێناسەی هێز دەکات کە بریتیە لە توانایی کەسێک یان کەسانێک بۆ ئەنجامدانی ویستەکانی.

# ماکس ڤێبەر و پارتی سیاسی

- ماکس ڤێبەر ئاماژەی بەوەداوە، کە پارتی سیاسی گرووپێکی ڕێکخراون لە بەیەکداچوون و تێکەڵاوی چینەکان، پایەی هێزەکان، ئیتنیکەکان و ئایینە جیا جیاکان دروست دەبن ( Scott, 1996: 201). بۆیە، سەرچاوەی دانانی بەرنامە و پرۆژەی گشتگیرن لە پەرلەمانەوە بۆ کۆمەڵگا مۆدێرنەکان، چونکە یەکێک لەو خاسیەتانەی کۆمەڵگای مۆدێرن هەیەتی بریتییە لە هەبوونی نەتەوە و ئایینی جیاواز لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکدا.

- ماکس ڤێبەر سیاسەتکردن و دامەزراندنی پارتی سیاسی وەک پیشەیەک داناوە لەپاڵ هەموو پیشەکانی وەکو مامۆستا، پزیشک و ئەندازیار... هتد. بەم پێیە، سیاسەتکردن لە بواری سیاسیدا، وەکو پیشەیەکە بۆ ڕێکخستن و دانانی یاسا و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. بەبۆچوونی (ڤێبەر)، پەیدابوونی مرۆڤی سیاسی پرۆفێشناڵ بەشێکە لە پرۆسەی مۆدێرنگەرایی، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی چۆنایەتی لە نوێنەرایەتیکردنی دیموکراسی ((Stoltz, 2001: 39.

- لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، (ڤێبەر) ئامانجی دروستکردنی پارتی سیاسی خستۆتەڕوو کە پێیوایە لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، ئامانجی سەرەکی پارتە سیاسییەکان بریتییە لە "ململانێ و فشار خستنەسەر پارتی دەسەڵاتدار" ( Weber, cited in Lemert, 2008: 101).

- سەرەڕای دانانی سیاسەت وەکو پیشەیەک، (ڤێبەر) دەستنیشانی ئەو جۆرە پارتە سیاسییەی کردووە، کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا دەتوانێت ڕۆڵی لە دروستکردنی گۆڕانکاریدا هەبێت، کە ئەمیش پارتی بیرۆکراسە. واتە، ئەو پارتانەی پشت بە یاسا و دامەزراوەکانی حکومەتی دیموکراتی دەبەستن لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خەڵک و دەوڵەتدا. لەم بارەیەوە (ڤێبەر) وایدەبینێت، کە حکومەتی دیموکراتی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا پشت بە پارتی سیاسی بیرۆکراس دەبەستێت (Giddens, 1972: 204).

# دەوڵەت لە ڕوانگەی ڤێبەرەوە

- بە گوێرەی پێناسە بەناوبانگەکەی ماکس ڤێبەر، دەوڵەت بریتییە لە مۆنۆپۆلی ( قۆرغکردن )ئامرازە یاساییەکانی (شەرعی)توندوتیژی جەستەیی (Kalyvas, 2002: 73)

- ڤێبەر پێیوایە، ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەزگای دەوڵەتی پێدەناسرێتەوە بریتیە لە ڕێکخستن و بەرێوەبردنی پەڕلەمان، هەڵبژاردنەکان، دامەزراوەکان، بەڕێوەبردنی هێزی سەربازی و هتد

- ماکس ڤێبەر، پێیوایە هەبوونی سیستەمی سۆسیالیستی لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان سەرکەوتوو نابێ و وەکو خەیاڵ وایە چونکە ئەم جۆرە دەوڵەتە ناتوانێ بوارەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی گشتی و ئابووری ڕێکبخات (Gerth and Mills, 1964: 68).

- ڤێبەر پێیوابوو هەموو ڕێخستنە سیاسیەکانی دەوڵەتێک دەبێ لە خزمەت پێداویستیەکانی نیشتمان و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا بێت (Scaff, 1973)

- ڤێبەر پێوابوو بونیاتنانی دەوڵەت پەیوەندی بە ململانێ جینەکان نیە بەڵکو نەتەوە و ئێتنیکەکان ڕۆلیان هەیە لە دروستکردنی دەوڵەت

# سەرچاوەکان

Abercrombie, Nicholas. and et al (1994). *The Penguin dictionary of Sociology 3rd*. England: Penguin Group.

Scott, John. and Marshall, Gordon. (eds) (2009). *Dictionary of sociology 3rd*. Oxford. Oxford University Press.

Turner, Bryan S. (eds) (2006).*The Cambridge Dictionary of Sociology*. Cambridge: Cambridge University Press.

Bruce, Steve. and Yearley, Steven. (2009).*The Sage Dictionary of Sociology*. London: SAGE Publications.

Scruton, Roger. (eds) (2007). *The Palgrave Macmillan Dictionary of political Thought 3rd*. New york: The Palgrave Macmillan press.

Collin, P.H. (eds) (2004). *Dictionary of Politics and Government 3rd*. London: Bloomsbury Publishing Plc.

Giddens, A. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press

Balibar, Etienne., and Browning, Cory. (2009) 'On the Aporias of Marxian Politics: From Civil War to Class Struggle'. *Diacritics*, 39 (2), pp. 59-73.

Giddens, A. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press

Robinson, Robert V. and Kelley, Jonathan. (1979) 'Class as Conceived by Marx and Dahrendorf: Effects on Income Inequality and Politics in the United States and Great Britain'. *American Sociological Review*, 44(1), pp. 38-58.

Giddens, Anthony. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press.

Marx, Karl. and Engels, Friedrich. (2018). The manifesto of Class struggle in Lemert, C. (Eds.). *Social theory: the multicultural and classic readings 6rd*. New York: Routledge.

Marx, Karl. (1959). *A Contribution to the Critique of Political Economy* In L. S. Feuer (ed.), Marx and Engels: Basic Writings on Politics and Philosophy. New York: Doubleday publications.

Jessop, Bob. (2008). *State power: a strategic-relational approach*. Cambridge: Polity Press.
تێبینی \سەرچاوە کوردیەکانی نێو کتێبخانەی کۆلێژ بۆ ئەم بابەتە بریتین لە کۆدی (٧٠٩، ٥٥٦، ٦٠)،
Balibar, Etienne., and Browning, Cory. (2009) 'On the Aporias of Marxian Politics: From Civil War to Class Struggle'. *Diacritics*, 39 (2), pp. 59-73.

Giddens, A. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press

Robinson, Robert V. and Kelley, Jonathan. (1979) 'Class as Conceived by Marx and Dahrendorf: Effects on Income Inequality and Politics in the United States and Great Britain'. *American Sociological Review*, 44(1), pp. 38-58.

Giddens, Anthony. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press.

Marx, Karl. and Engels, Friedrich. (2018). The manifesto of Class struggle in Lemert, C. (Eds.). *Social theory: the multicultural and classic readings 6rd*. New York: Routledge.

Marx, Karl. (1959). *A Contribution to the Critique of Political Economy* In L. S. Feuer (ed.), Marx and Engels: Basic Writings on Politics and Philosophy. New York: Doubleday publications.

Jessop, Bob. (2008). *State power: a strategic-relational approach*. Cambridge: Polity Press.